الاتحاد العام اللاجئين العراقيين- فرع بريطانيا
INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES-BRITAIN

# کۆبوونەوەی فدراسیۆن لەناوپەرلەمانی بەریتانیا بۆ بەرگری لەمافەکانی پەنابەرانی عیراقی و دژ بەسیاسەتی گەرانەوە سەرکەوتووانە کۆتای هات!



دوێنیٚ ئێوارە کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان لەنیو پەرلەمانی بەریتانیا کەلەلایەن فدراسیونی گشتی پەنابەرانی عیراقی لەبەریتانیا راگەیەنرابوو بە بەشداری ئەندام پەرلەمان ورابەرانی بزووتنەوەی دژی شەر وریٚکخراوی دژی راسیستی و ژنانی عیراقی لەبەشداربوان بوون لەسەر ئەوزاعی عیراق وپەنابەرانی کوردو عیراقی و سیاسەتی گەرانەوە، بەدریژی قسەو باسی لەسەر کرا.

سەرەتا جان مکدونالدئەندامی پەرلەمان لەسەر گرنگی ئەم کەمپینە وپشتیوانی اتحادیەی کریٚکاریەکانی بەریتانیا و هینانی بزووتنەوەی دژی شەر وپیٚکهینانی لوبیەکی گەورە بۆ بەرگرتن بە سیاسەتی گەرانەوەی پەنابەرانی عیراقی و هاتنە دەرەوەی هیزەکانی ئەمریکار و بەریتانیا لە عیراق قسەی کردو هەروەها پشتیوانی خۆی لەکەمپینی فدراسیون دەربری و وتی کە تائێستا لەم رووەوە لەگەل ٤٠ ئەندام پەرلەمان لیدوانی کردوە.

پاشان جۆن ریس رابەری بزووتنەوەی دژی شەر لەسەر گرنگی هاتنە مەیدانی خەڵکی بەریتانیاو اتحادیەو ریٚکخراوەکان بۆ دەورەی ئاینده بۆ کۆتای هیٚنان بە داگیرکاری وهاتنە دەرەوەی هیزەکانی ئەمریکاو بەریتانیا قسەی کرد، وە هاوپشتی خۆی لەکەمپینی فدراسیون راگەیاند.

سەوسن سەلیم لەسەر ئەوزاعی ژنانی کوردستان لە چەندسالی رابردوداو بیٚ حقوقی و تیروری ژنان و نائەمنی وەزعی کوردستان لیدوانی کرد، وەك بەشیك لەکەمپینی فدراسیون ئامادەی بەردەوامی ئەم کەمپینەی فدراسیونی راگەیاند، هەروەها میلینا لەبزووتنەوەی نیشتمانی دژی راسیزم لەسەر سیاسەتی راسیستی دەولەت بەرامبەر بە پەنابەران بەگشتی وپەنابەرانی عیراقی بەتاییەتی و بەرگری ریٚکخراوەکەیان لە پەنابەرانی عیراقی و کەمپینی فدراسیون خستەروو. رەزا مرادی لە فدارسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی ئیرانی لە بەریتانیاوە قسەوباسی

**کرد، وه بەهێزکردنی کەمپینی پەنابەران و ڕیگەگرتن بەناردنەوەی پەنابەرانی بەئەرکی فدارسیۆن و پشتگیری فراوان بۆی ڕاگەیاند.**

**دەشتی جەمال لەسەر هەنگاوەتازەکانی دەولەتی بەریتانیا بەگەرانەوەی ئارەزوومەندانی پەنابەرانی عیراقی، وولاتانی ئەوروپا و سیاسەتی دیپورت کردنەوەیان بەرامبەر بە پەنابەرانی عیراقی گرێی دایەوە بەحەلەقەی دووەمی شەرعیەت دان بەجەنگ و کاولکاریك کە لە بەرامبەر خەڵکی عیراقدا بەرێوە دەچێ، پاشان چاو پیاخشانێك بەکەر نەڤالی ٧٠ڕۆژەی بەنیو ڕزگارکردنی عیراق دوای ڕووخاندنی سەدام وبێ دەولەتی ونەزم وبێ قانوونی ئیستای لەعیراق وئەو دیاردانەی لە نەتیجەی سیناڕۆی ڕەشی ئەمریکاو بەریتانیادا سەری هەلداوە لەکوشتن و نائەمنی و فرسەت کردنەوە بۆ گروپە ئیسلامی و قەومی تایفەگەری و عەشایری وەهەوەها سەبارەت بە کوردستان لە١٢سالی ژێر سایەی حاکمیتی ئەحزابە کوردیەکان و بەرپرس کردنی هێزەکانی ئەمریکاو بەریتانیا بە سەرچاوەی نائەمنی وئاسایشی خەڵکی عیراق وەهەروەها داواکاری ورێگاچارەکانی خستە ڕوو:**

**١. سیاسەتی دیپورت کردنەوە دەست بەجێ لە بەرامبەر پەنابەرانی عیراقیدا ڕاگیرێ وپەنابەرانی عیراقی ناچار نەکرین بەناردنەوە.**

**٢. پەنابەرانی عیراقی لە چاوەروانیدا ڕانەگیرین و کەیسەکانیان معلەق نەکرێ و بە پێی یاساکانی پەنابەریتی وەلامیان پێ بدریتەوە.**

**٣. پشتیوانی بکەن لە دامەزراندنی دەسەلاتێکی سکولارو مەدەنی لەعیراق دا.**

**لەکۆتایدا پەیامی فدراسیونی بەگوی دەولەتی بەریتانیدا ڕاگەیاند (گەردەوتانەویت لیشاوی پەنابەرانی عیراقی ڕووتان تێ نەکەن هێزە سەربازیەکانتان کەکێشەی سیاسی و نائەمنی بەوجود هێناوە بکشیننەوە و ڕێگا بدەن خەڵکی عیراق لەژێر سایەی هێزەکانی ئاسایشی نیو دەولەتی داهاتووی خۆیان دیاری بکەن) بەداوای قسەو باسەکان بەهەرامی سروش بەرێوە بەری کۆبوونەوەکە نامەی پشتیوانی اتحادیە کرێکاریەکانی بەریتانیاو ڕێکخراوە پەنابەری وانسانی یەکانی بەریتانیای خوێندەوە لەکەمپینی فدراسیون و ئیمزاکانی پەنابەران کە لەشارەکانی بەریتانیاوە بەفدراسیون گەیشتبوو، هەروەها ئامادەبووان کەوتنە پرسیار کردن لەفدراسیون و ئایندەی ئەو کەمپینە، بەرپرسی فدراسیون سپاسی ئامادەبوان وحزبی کۆمەنیستی کرێکاری عیراق و ئیران و ئەو ڕێکخراو ئەندام پەرلەمانانەی کرد کە پشتیوانی یان لە فدراسیون کردوە وەهەروەها بەردەوامی ئەم کەمپینە لەسەرتاسەری وولاتەکانی ئەورپاو ئوستراليا لەلایەن فدراسیونی سەرتاسەریوەراگەیاند، سەرکەوتوانە جەلەسەکە کۆتای هات**

## فدراسیونی گشتی پەنابەرانی عیراقی لە بەریتانیا

**٢٠٠٣-٦-٢٦**

P. O BOX 1575 ILFORD IG1 3BZ d. jamal@ukonline. co. uk